# دیمۆکراسی و تەرسەقول

بەختیار کەریم

## پێشەکیی

ئەمڕۆ لە کوردستان پرۆسەیەکی بەرفراوان لە کاردایە بۆ سەلماندی درۆ وەک ڕاستیی و خورافە وەک حەقیقەت. لە کۆمەڵگایەکدا کە تاقە یەک دادگای سەربەخۆی تێدا نییە، لە کۆمەڵگایەکدا کە ڕێز لە دەرئەنجامی تاقە یەک هەڵبژاردن نەگیراوە، کۆمەڵێک پێمان دەڵێن دیمۆکراسی کوردیی وێڕای ساوایییەکەی لەناوچەکەدا بێوێنەیە. گەلۆ ئەوانەی پێمان دەڵێن لە کوردستان دیمۆکراسی هەیە گەمژەن و نازانن دیمۆکراسی چییە؟ یان دۆرزنن و چەواشەمان دەکەن؟ بێگومان ئەوانەی سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی ئەم خورافە سامناکەن، جا لەبەر هەر هۆیەک بووە، ناکرێت بەبێ ئەوەی ناوێکی تازەیان بۆ بدۆزینەوە بەسەرماندا تێپەڕبێت. هەر بۆیە لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین کە ئەو جۆرە لە بوونەوەر، سیاسەتمەدار یان ڕۆشنبیر، کە سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی وەهمی هەبوونی دیمۆکراسی کوردیین، ناوبنێین "تەرسەقولبێژ". هاوکات خودی ئەو پرۆسەیەی کە ئەم وەهمە بەرهەم دەهێنێت ناودەنێین "تەرسەقول".

گەلی خوێنەران، دیمۆکراسی کوردیی چ خورافەیەکی گەورەیە؟ لە کۆمەڵگایەکدا کە دزیی بۆتە ڕۆتین، تاڵانیی وەک بەرچایی بۆتە کارێکی ڕۆژانە و پرۆسەی بێبەهاکردنی هەموو ئەو شتە پیرۆزانەی، ڕۆژگارێک ئەندامەکانی کۆمەڵگای ئێمەی لە چارەنووسێکی هاوبەشدا پێکەوە شەتەکدابوو، بۆتە کردەیەکی بەناو ڕۆشنبیریی. ئەمڕۆ کوردستان بۆتە بازاڕێکی ئاوەڵا بۆ هەموو بازرگانێکی بێویژدان و هەموو سیاسییەکی بێکەرامەت و بێشکۆ، تا بە ئارەزووی دڵە چەپەڵەکەی خۆیان و بۆ مەرامی خۆ دەوڵەمەندکردنیان، قومار لەسەر خەون و چارەنووسی زۆرینەی کۆمەڵگا بکەن. هەر دە ساڵێکی دیکەی دەوێت بۆ ئەوەی هەموومان ببینە کرێچی ئەو بەرپرسە بێئەمەک و بێشکۆیانەی ئەمڕۆ بە ئەخلاقی چەتەوە کوردستان دەبەن بەڕێوە، هەر دە ساڵ و بگرە کەمتریشی دەوێت کە کۆی کایە سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیرییەکانی کوردیی دەبنە کاڵای دەستی ئەو ژمارە کەمە لە بەرپرس و سەرکردەی نەزان و دز، ئەوکات بازرگانی بە هەموو بەها و پیرۆزییەکانمانەوە لە بازاڕەکانی جیهاندا دەبێتە شتێک کە شایانی پێچەوانەکردنەوە نەبێت. هەر کۆمەڵگایەک وەک کۆمەڵگای کوردی لێبگەڕێت ئەمڕۆ کۆمەڵێک دز بەناوی دیمۆکراسییەوە ئەتکی کۆمەڵگا و بەهاکانی بکەن، یان بەناوی بازاڕی ئازادەوە سەروەتەکانی تاڵان بکەن، هیچ گران نییە کە پێشبینی ئەوە بکەین کە سبەینێ یان دوو سبەی، بازرگانی بە مرۆڤەکانیشیەوە بکەن.

لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین پێناسەیەکی تەرسەقول و تەرسەقوبێژ بکەین، ئەمەش بە پەنابردنە بەر کتێبە تازەکەی هاری فرانکفۆرت (دەربارەی تەرسەقول) (On Bullshit). سەرەتا سەرنجێک لە کتێبەکەی فرانکفۆرت و پێناسەکەی دەدەین بۆ تەرسەقول، ئەوجا سەرنجێکی زۆر کورت لە دەسەڵاتی کوردی و ڕۆڵی "تەرسەقولبێژان" دەدەین لەو دەسەڵاتە ستەمکار و گەندەڵەدا کە کۆمەڵێک چەتەی

بێویژدان دەیبەن بەڕێوە. بۆ کردنی ئەم کارەش هیچ ڕێگایەک لەوە شیاوتر نییە کە لە خورافەی دیمۆکراسی کوردیی بڕوانین، کە بۆتە زەمینەیەکی لەبار بۆ فراوانتربوونی دیاردەی تەرسەقولبێژیی.

## تەرسەقول چیە؟ تەرسەقولبێژ کێیە؟

هاری فرانکۆرت یەکێکە لە فەیلەسوفە مۆراڵیە ناسراوەکانی ئەمریکا و جیهان. فرانکفۆرت لە تازەترین کتێبیدا، کە کتێبۆچکەیەکە بە قەبارەی کتێبی گیرفان و بەناونیشانی (دەربارەی تەرسەقول) (On Bullshit)، هەوڵدەدات تیۆریزەی چەمکێک بکات کە بەشێکی زۆری ژیانمانی داگیرکردوە و هەتا ئێستا هیچ کەس هەوڵی تیۆریزەکردنی نەداوە. ئەو چەمکەش تەرسەقولە (bullshit)، کە بۆتە یەکێک لە دیارترین و سامناکترین تایبەتمەندییەکانی دیمۆکراسی مۆدێرن.

سەرەتا پێویستە وشەی لێکدراوی (bullshit) شیبکەینەوە کە پێکهاتوە لە وشەکانی (bull) بەواتای (گا) لەگەڵ (shit) بەواتای (گوو)، وشە لێکدراوەکەش بەسەریەکەوە چەندین مانای هەیە کە هەموویان نزیکن لە قسەی پووچ و بێناوەڕۆکەوە. لە زمانی کوردیدا وشەی (شیاکە، تەپاڵە یان ڕیخ) بەکاردێت، بۆ وڵاخی بەرزەش بەگشتی وشەی تەرس یان تەرسەقول بەکاردێت. ئێمە پێمانوایە کە تەرسەقول وەرگێڕانێکی کاریگەرترە بۆ (bullshit) بەواتای قسەی پووچ، هەربۆیە تەرسەقولمان هەڵمانبژارد. هاوکات تەرسەقولبێژ کەسێکە کە قسەی پووچ دەپەیڤێت، کە لە ئینگلیزیدا دەبێتە(bullshitter). بێگومان پاش تێرامان لەم چەمکەی فرانکفۆرت، بۆمان دەردەکەوێت کە بەکارهێنانی ئەم وشانە بۆ مەبەستە تیۆرییەکەی جیاوازە وەک لە بەکارهێنانە سادە زمانەوانییەکەی، ئەوەی گرنگە ئەم بەکارهێنانە تیۆرییە جێگەی خۆی بگرێت بۆ ئەوەی کاریگەریی پێویستی هەبێت. ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەو سیاسەتمەدار، نووسەر و ڕۆشنبیرانە بە تەرسەقولبێژ ناوزەند بکەین کە: یەکەم دوژمنی سەرسەختی ڕاستیی و بەهان، دووەم قسەکانیان کە لە بنەڕەتدا قسەی بێمانان بەڵام وریایانە دارێژراون و لەو هۆکارانەی ڕاگەیاندنەوە ئاراستە دەکرێن کە زۆرترین کاریگەرییان هەیە، یان باشترە بڵێین هەژموونیان هەیە لە ئاستی کۆمەڵایەتیی و سیاسییدا.

فرانکفۆرت بە تێرامان لە بیریارانێکی وەک ویتگنشتاین، پۆند، ئۆگەستین و ڕۆمانووسی سیخوڕیی ئێریک ئەمبەر، هەوڵ دەدات پێناسەیەکی تیۆری ئەم چەمکەمان بۆ بکات، کە هەموومان هەست بە بوونی دەکەین بەبێ ئەوەی لێیتێبگەین. بەپێی ئەم تێگەیشتنەی فرانکفۆرت تەرسەقولبێژ کەسێکە کە بێگومان ڕاستگۆ نییە، بەڵام هاوکات مەرجیش نییە درۆزن بێت، بەوپێیەی کە مرۆڤی درۆزن و ڕاستگۆ لەو خاڵە هاوبەشەدا پێکدەگەن کە بریتییە لە لەبەرچاوگرتنی ڕاستیی، یان ڕێزگرتن لە ڕاستیی. لەکاتێکدا تەرسەقولبێژ کەسێکە کە هیچ ڕێزێک بۆ ڕاستیی دانانێت، بگرە هیچ باکی بە ڕاستیی نییە. هەڵەیە ئەگەر پێمانوابێت درۆزن، مرۆڤێکە کە ڕێز لە ڕاستی ناگرێت، یان باکی بەڕاستیی نییە، بەپێچەوانەوە، درۆزن بۆ ئەوەی دۆرکانی خۆیمان بۆ بەیان بکات، بەردەوام ڕاستیی لەبەرچاودەگرێت، چونکە دواجار ئەگەر ڕاستیی نەبێت ئەوا درۆ بەها و سوودمەندیی خۆی بۆ درۆزن لەدەست دەدات. درۆ، بەردەوام بۆ پەنهانکردنی بەهای ڕاستییەک هەڵدەبەسترێت، دۆرزن کەسێکە دوژمنی ڕاستیی نییە، هێندەی ئەوەی دوستێکی بێزاری ڕاستییە کە یان بەرگەی ڕاستیی ناگرێت یان ڕاستیی ژیانی درۆزن و چێژەکانی سەختتر دەکات. هاوکات درۆزنی کارامە درۆ بۆ ئەوانە ناکات کە ڕاستییەکە دەزانن، بەڵکو درۆ بۆ ئەوانە دەکات کە بە ڕاستییەکە ئاشنانین، یان وەک پێویست لێی دڵنیانین. واتا درۆزن بۆ ئەوەی درۆیەک هەڵبەستێت، پێویستە بە ڕاستیی ئاشنابێت و

لەبەرچاویبگرێت. بەڵام تەرسەقولبێژ کەسێکە، پیاوێک یان ژنێک، کە بەرلەهەموو شتێک دوژمنێکی سەرسەختی ڕاستییە، بەو پێیەی کە بۆی گرنگ نییە کردارەکانی ئەو چ کاریگەرییەک لەسەر ڕاستیی و دواتر تەندروستیی کۆمەڵگا دادەنێن، ئەوەی بۆی گرنگە لەڕێگای تەرسەقولبێژییەوە "خۆی"مان پێبناسێنێت، نەک بابەتێکی دیاریکراو. بۆ ئەوەی وردتر لە کەسایەتیی تەرسەقولبێژ تێبگەین، نمونەیەک خزمەتێکی گەورەمان دەکات.

پیاوێک، یەکێک لە سیاسەتمەدارە زارقەرەباڵغەکانی کورد، بهێننە بەرچاوی خۆتان، کە لەڕێگای شاشەی یەکێک لە تەلەڤزیۆنە حیزبییەکانەوە باسی دیمۆکراسیمان بۆ دەکات. با لێرەدا لەوە بگەڕێین ئەم پیاوە تەرسەقولبێژە چەند لە دیمۆکراسی دەزانێت، با لەوەش بگەڕێین کە چما کۆمەڵگا تەرسەقولبێژی لەم جۆرە دەکاتە پاڵەوانی تەلەڤزیۆنەکان، بەڵکو زیاتر سەرنج لە کرداری تەرسەقولبێژیی ئەو بدەین کاتێک دەڵێت:

> **"بڕوانن ئەو هەموو ڕۆژنامە ئازادە، ئەو هەموو بەرنامە ڕەخنەییە، ئەو هەموو کتێبەی چاپدەکرێن، بڕوانن ئەوانە هەموو لە نیشانەکانی دیمۆکراسین. خودی ئەم بەرنامەیە بەڵگەیەکی زیندووی هەبوونی دیمۆکراسیە، ئەگەر دیمۆکراسی نەبێت ئەوا ئێوە ناتوانن ڕاشکاوانە بۆچوونەکانی خۆتان لەڕێگای ئەم بەرنامەیەوە دەرببڕن."**

ئەم وشانە دەشێت درۆ نەبن، بەهەمان شێوەی ئەوەی درۆیە ئەگەر کەسێک پێمان بڵێت ماست پرتەقاڵییە. ئەم وشانەی دیمۆکراتخوازە زارقەرەباڵغەکەمان درۆنین بەڵکو تەرسەقولن. چونکە ئەم پیاوە هیچ بەهایەک بۆ دیمۆکراسی دانانێت، بەلایەوە گرنگ نییە دیمۆکراسی هەیە یان نا، واتا ئەو ڕاستییە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەی کۆمەڵگا کە بریتییە لە نەبوونی دیمۆکراسی، هیچ بەهایەکی نییە، هێندەی ئەوەندەی کە گەیاندنی پەیامە سامناکەکەی خۆی گرنگیی هەیە. ئەوەی ئەم تەرسەقولبێژە بەلایەوە گرنگە و لە سەروو هەموو بەهاکانی دیکەوەیە، نمایشکردنی خودی خۆیەتی، ناساندنی خۆیەتی وەک پیاوێکی دیمۆکرات، زانا، ڕووناکبیر و هتد...لەکاتێکدا کە هیچ کام نییە لەوانە. کاتێک دەڵێین کە ئەم دیمۆکراتخوازە، کە دەشێت هاوکات تیرۆیستیش بێت، دۆرناکات، مەبەستمان ئەوە نییە کە شتێک هەیە ناوی دیمۆکراسی بێت لە وڵاتی ئێمە، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە دەشێت خودی ئەم تەرسەقولبێژە گومڕا کرابێت بە وەهمی هەبوونی دیمۆکراسی، دەشێت عەقڵە بچکۆلانەکەی، کە زیاتر لە قەفەزی کەو دەچێت وەک لە کانگای بیرکردنەوە، سیخناخ بێت بەو خورافانەی ڕۆژانە لەسەر دیمۆکراسی کوردی دەدرێن بەگوێماندا. مەبەستمانە بڵێین کە مەرج نییە تەرسەقولبێژەکان ئاگاداربن لەوەی کە سەرقاڵی چ گەمەیەکی سامناکن، یان لە چ پرۆسەیەکی خەتەرناکدا چالاکانە بەشدارن، دەشێت زۆرێک لە تەرسەقولبێژان بێئاگابن لەوەی کە عەقڵ و بوونیان دەخەنە خزمەتی پرۆسەیەکەوە کە دوژمنایەتییەکی سەرسەختی ڕاستیی دەکات و کۆمەڵگا بەرەو هەڵدێر دەبات.

هاوکات زۆر گرنگە بەکارهێنانی وشەی تەرسەقول بۆ ناونانی گووتارەکەی ئەم سیاسەتمەدارە دیمۆکراتخواز و دەمەوەرە، نەمانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی کە هەموو قسەکانی تەرسەقولبێژ تا ئەو ئەندازەیە هاوشێوەی تەرسەقولن کە هیچ گەمژەیەکیش ئامادەنییە گوێیان لێبگرێت. تەواو بەپێچەوانەوە، تەرسەقولەکانی تەرسەقولبێژ زۆرجاران کاریگەریی زۆریان هەیە لەسەر تێرامانی گوێگرەکانی و ئاراستەی کردارەکانیان. تەرسەقولبێژ کەسێک نییە لە هونەرەکەیدا نەزان بێت، تا لە هونەری قسەکردنی کاریگەرانە، شێواندنی وریایانە و چاوبەستکردنی زۆرینەی گوێگرەکانی

شکستبخوات، بەڵکو زۆربەی کات سەرکەوتوو دەبێت، چونکە تەرسەقولبێژ کەسێکە کە سەرچاوە و کاریزمای پێویستی هەیە بۆ ساغکردنەوەی تەرسەقولەکانی بەسەر گوێگرەکانیدا بە نرخی زێڕ. تەرسەقولبێژ کەسێکە کە سوپایەک ڕۆژنامەنووس، ستوونووس، شایەر و چاوشی لە پشتە کە هەوڵی ڕازاندنەوەی سیمای خۆی و جوانکردنی گووتارەکانی دەدەن. تەرسەقولبێژ شانسی چوونە سەر تەلەڤزیۆنی پێنادرێت ئەگەر پێشتر پیشانی نەدابێت کە لە هونەری تەرسەقولبێژییدا زۆر کارامەیە.

هەندێک لە تەرسەقولبێژەکانی ئێمە مووچەخۆری حیزبن، جیاوازییەکە ئەوەیە کە بە ناو و ناونیشانی جیاوازەوە مووچەکانیان وەردەگرن. لەبەرئەوە ئەگەر خوێنەری خۆشەویست ڕێگەمان بدات داوا لە حکومەتی کوردستان بکەین کە بەڕێوابەرایەتییەک، بگرە وەزارەتێک بۆ ئەو سوپایە لە تەرسەقولبێژ بکاتەوە کە وەک تەتەڵەمیران ڕژاونەتە نێو هەناوی سیاسەت و ڕۆشنبیریی کوردییەوە. هاوکات خوێنەر دەمانبەخشێت کە ئێمە ناتوانین وەک چۆن (گۆڤاری لڤین) لیستی قەڵەمەکانی شەڕی ناوخۆی خستە بەردەستی خوێنەران، ئێمەش هاوشێوە لیستی ناوی تەرسەقولبێژەکانی کوردتان بخەینە بەردەست. لەبەرئەوەی: یەکەم، ئەو لیستە هێند درێژ دەبێت کە مەگەر لە کتێبێکی چەند بەرگدا جێگەی ببێتەوە، دووەم، لەوە سڵ دەکەینەوە کە چۆن لڤین چەند قەڵەمێکی زەبەلاحی "لەبیرکرد"، کە شیعریان بۆ جەستەی گوولی شەڕی ناوخۆ دەهۆنیەوە، ئێمەش چەند ناوێک لەبیر بکەین، کە دەیان سەلوێنک تەرسەقولیان ڕشتۆتە نێو پانتاییە بەرتەسک و هەژارەکەی ڕۆشنبیریی کوردییەوە.

بەڵام تەرسەقول چیە؟ چونکە تا ئێستا ئێمە زیاتر باسمان لە تەرسەقولبێژ و جیاوازییەکانی لەگەڵ درۆزندا کردوە. تەرسەقول، وەک فرانکفۆرت دەرئەنجامگیری دەکات، بەرجەستەی ڕۆحی سەردەمەکەمان دەکات. تەرسەقول بەو کەرەستە و گووتارانە ناناسرێتەوە کە تەرسەقولبێژ بەکاریان دەهێنێت، بەڵکو بەو پرۆسەیە دەناسرێتەوە کە ئەم کەرەستە و گووتارانە بەرهەمدەهێنێت و زاوزێیان پێدەکات. واتا ئەوەی گرنگە لە پێناسەکردنمان بۆ تەرسەقول لەبەرچاوگرتنی خۆدی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی تەرسەقولە، نەک ئەو ئەنجامانەی تەرسەقولبێژ دەیانپێکێت، پێناسەی تەرسەقول دەبێت لە ناوکۆییە بەرهەمهێنییەکەیدا بکرێت، نەک بە تێڕامان لە دەرئەنجامەکانی تەرسەقولبێژیی. وەک گووتمان چونکە تەرسەقولبێژ مەبەستی نییە درۆمان بۆ بکات، بەڵکو هەوڵدەدات تێڕامانێکمان لا دروستبکات دەربارەی خۆی یان بابەتێکی دیاریکراو، کە تا ئەو ئەندازەیە سامناکە کە هەڕەشەی ڕاستەقینە بۆسەر ڕاستیی دروست دەکات. تەرسەقول ئەو کەرەستە و گووتارانەن کە لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا ڕاستیی دەکەنە قوربانیی. تەرسەقول ئەو ساتەوەختە لەزاری تەرسەقولبێژێک دەترازێت، کە هەوڵێک لە گۆڕییە بۆ چاوبەستکردنی گوێگران یان خوێنەران لەسەر مەبەستەکانی تەرسەقولبێژ. تێڕامان لە تەرسەقول لە ناوکۆییە بەرهەمێنییەکەیدا زۆر گرنگە، چونکە ئەوکات ئێمە بەو کەناڵ و سەرچاوانە ئاشنادەبین کە سەرقاڵی بەرهەمهێنانی تەرسەقول و ساغکردنەوەین بەسەرماندا، هاوکات تێدەگەین کە چ مەبەستێکی سەرەکیی لە پشتی پرۆسەی بەرهەمهێنانی تەرسەقولەوەیە و بەرەو چ ئایندەیەکی سامناک پەلکێشمان دەکات.

بۆ ئەوەی زەمینە بۆ تەراتێنی تەرسەقولبێژان فەراهەم بێت، گرنگە کە وەهمێک و خورافەیەک لە کۆمەڵگادا باڵبکێشێت لە شێوەی دیمۆکراسی کوردی، شتێک کە لە خوارەوە ورترد سەرنجی لێدەدەین. بەڵام ئەو ساتەوەختەی یەکەم زۆر گرنگە، ئەو ساتەوەختەی کە کۆمەڵێک ڕۆشنبیر، بەمەبەست یان بەبێ مەبەست، ژینگەیەکی هێند لەبار فەراهەم دەکەن، کە تەرسقولبێژیی تێیدا دەبێتە نەریت، بگرە ڕەوشتێکی کۆمەڵایەتیی. بۆ دروستبوونی ساتەوەختی یەکەم پێویستە وەهمێکی کۆمەڵایەتیی

بالادەست بکرێت، وەهمێک کە نەک بەتەنها بۆ ماوەیەکی درێژ دەبێتە دوژمنی ڕاستیی، بەڵکو لەیەکەم ساتەوەختەوە بۆ بالادەستکردنی ئەم وەهمە پێویستە شەڕێک لەگەڵ ڕاستییەکاندا بەرپابکرێت. واتا بۆ بالادەستکردنی ئەم وەهمە پێویستە بەر لە هەموو شتێک کۆی ئەو ڕاستییانەی کۆمەڵگا کۆکە لەسەریان ترۆ و بێبەها بکرێن. هەربۆیە وەک پێناسەکەی فرانکفۆرت پێمان دەڵێت، ئەوەی تەرسەقولی پێدەناسرێتەوە ئەو پرۆسەیەیە کە تەرسەقول بەرهەمدەهێنێت نەک ئەو کەرەستە و گوتارانەی کە تەرسەقولبێژان بەکاریان دەهێنن. لێرەدا گرنگە جەخت لەوە بکەینەوە، کە هیچ کۆمەڵگایەک بەبێ تەرسەقولبێژ نەبووە، نییە و ناشبێت، بەلام خەتەری گەورە ئەو ساتەوەختەیە کە لە کۆمەڵگایەکدا تەرسەقولبێژیی ببێتە نەریت. کاتێک لە خوارەوە سەرنج لەو وەهمە دەدەین (واتا وەهمی دیمۆکراسی)، کە وەک یەکەم خاکی بەپیت بۆ نەشونماکردنی دیاردەی تەرسەقول لە کۆمەڵگای ئێمەدا خۆشکراوە، بۆچوونەکانمان ڕوونتر دەبنەوە.

## دیمۆکراسی کوردیی و هونەری تەرسەقولبێژیی

پاش ئەوەی پۆستمۆدێرنیستە کوردییەکان ئەو بڕوایەیان لای خوێنەران دروستکرد کە هەموو ڕایەک یان بۆچوونێک خۆی لە خۆیدا ڕاستییە، هاوکات هەموومان توانای دادوەرییکردنمان هەیە لە هەموو بوارەکاندا، پانتاییەکی ئێجگار بەرفراوان ئاوەلابوو بۆ زۆربوونی ژمارەی تەرسەقولبێژەکان. کاتێک هەموومان (ڕا)مان هەبوو و ڕای هەمووشمان ڕاستیی یان بەشێک لە ڕاستیی لەخۆیدا هەڵگرتبێت، ئەوکاتە ڕێزگرتن لە ڕاستیی وەک بەرپرسیارێتیی لەبەین دەچێت. ئەگەر هەموو قسەکەرێک دەربڕین لە ڕاستییەک بکات بەپێی تێگەیشتنی خۆی ئەوا هیچ تاوانێکی نەکردوە، تەنانەت ئەوکاتەش کە بۆچوونەکەی هەڕەشەی بۆسەر خودی ڕاستیی دروستکرد. بێگومان ئێمە کاتێک ئاماژە بە پۆستمۆدێرنیزمی کوردی دەدەین، بە وریاییەوە ئەو ڕەوتە فەلسەفییە گرنگە لەبەرچاو دەگرین کە ئەمڕۆ لە زانکۆکانی خۆرئاوادا گرنگییەکی بێپایانی پێدەدرێت، هاوکات گرنگی چەند یەکێک لەو بیریارانە لەبەرچاو دەگرین کە لەبەر هۆیەک یان هۆیەکی دیکە بە پۆستمۆدێرنیست پۆلێن دەکرێن. ئێمە نامانەوێت گشتگیرانە قسە لەسەر ئەم دیاردە فەلسەفییە بکەین، بەڵکو ئەوەی مەبەستمانە قسە لەو گواستنەوە لە-ناوکۆیی-ترازێنراوەی پۆستمۆدێرنیزم بکەین، کە جگە لە ڕێژەگەراییەکی (relativism) سامناک هیچی دیکەی بەرهەمنەهێناوە. ئەم ڕێژەگەراییە هەندێک لە بیریارانی پۆستمۆدێرن لە خۆرئاوا بەرپرسیارن لێی، چونکە ئەمانە بەواتای وشە میراتگری سۆفیستەکانی گریکن لە نموونەی پرۆتاگۆراس (Protagoras). ئەم بابەتە گرنگیەکی فرەی هەیە بۆ هەنووکەی جڤاتی کوردی بۆیە ناخوازین لێرەدا زیاتری لەسەر بڵێین، چونکە دوورە لەو بابەتەوە کە ئێستا لەسەری دەدوێین، پاشان هیوا دەخوازین لە داهاتوودا بگەڕێینەوە سەری و بە پشتبەستن بە سەرچاوە زەوەندەکان لەسەری بدوێین.

بەلام ئەو دۆخەی هەنووکە کە بۆتە دیاردەیەکی ڕۆشنبیریی هەژموونگەر بەرهەمی ئەو گواستنەوەیەی پۆستمۆدێرنیزم و هەندێک هزری دیکەیە. دواتریش ئەم دۆخە کە بە هەژموونی کۆمەڵێک ڕۆشنبیر کۆتایی پێهاتووە، شتێک نییە کەس بتوانێت حاشای لێبکات، هەژموونێک کە لە هەژموونی دوو خێڵی بالادەستی کوردستان بە ئەستەم جیادەکرێتەوە. هەر ئەم بێبەهاکردنەی ڕاستیی و برەودان بە نەزانیی بەناوی دەربڕینی ئازادەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە زۆرترین پانتایی نووسینی کوردیی لەم ڕۆژگارەدا جگە لە تەرسەقول هیچی دیکە نەبێت. لەڕاستییدا چەند دەقێک و چەند کتێبێکی لێبترازێت، ئەو هەموو نووسینەی ڕۆشنبیریی کوردیی تەرسەقولن و سەلوێنکی نەزانییمان بڵند و بڵنتر

دەکەنەوە بۆ کەشڵانی فەلەک. خۆ ئەگەر باس بێتە سەر گووتار، نووسین و چاوپێکەتنی سیاسیەکانی کورد ئەوە سەلوێنکەکە سەدان جار گەورەترە.

چونکە دەربڕینی بۆچوون لە پانتایی ژینگەی گشتییدا پێویستە هاوشانی هەستکردن بێت بە بەرپرسیارێتیی، بڵاوبوونەوەی هونەری تەرسەقولبێژیی کوشتنی ئەو رۆحی بەرپرسیارێتییە و وێرانکردنی ئەو ژینگە گشتییەیە، چونکە لە ساتەوەختێکی ئەوهادا تەنها سیاسیی و نووسەرە دەمەوەر و دەم تەڕەکان، ئەوانەی لە هونەری تەرسەقولبێژییدا مامۆستان، دەتوانن دەربڕین لە بۆچوونەکانیان بکەن. ئەوانەی کە یان هەمان هونەریان نییە یان سەرچاوەکانی راگەیاندن بۆیان ئاوەڵانییە دەبێت لە دەرەوەی ئەو پرۆسەیەدا، کە تەرسەقولبێژەکان ناوی دەنێن "دیمۆکراسی"، وەک گوێگر بمێنێتەوە و سەر بۆ تەرسەقولی تەرسەقولبێژەکان بلەقێنن. سەرنج لەهەر کام لەو رۆژنامانە بدەیت کە ئەمرۆ شانازی بەرۆڵی خۆیانەوە دەکەن، کە بەدڵنیاییەوە ئێمە مەبەستمان نییە لە رۆڵیان کەم بکەینەوە یان بە رۆژنامە حیزبییەکانیان بچوێنین، ئەو رۆژنامە حیزبییانەی کە دەکرێت لەجیاتی رۆژنامە ناویان بنێین تەرسەقولنامە، بەڵام هەر ئەو رۆژنامە ئازاد و گرنگانە رۆڵێکی کاریگەرییان هەیە لە فراوانترکردنی پانتایی تەرسەقولبێژییدا. چونکە ئەمرۆ نووسینی نووسەرێکمان بۆ بڵاودەکەنەوە کە وەک فەیلەسوف دەدوێت و پێماندەڵێت کە "فەلسەفە کاری مرۆڤی کۆیلە نییە"، بەڵام هەر لە ژمارەی داهاتوودا کوتومت وەک کۆیلە بە شانوباڵی شێخەکەیدا هەڵدەدات. بێگومان ستایشکردنی رەنج و داهینانی نووسەرانی هەر نەتەوەیەک شتێکی ئاسایی و بگرە پێویستیشە، بەڵام کاتێک کار گەیشتە ئەو ئاستەی کە زۆرترین ژمارەی نووسەران بەبێ ئەوەی کاریان رەخنەی ئەدەبی بێت بە شانوباڵی دەقێکدا هەڵبڵێن تا ئەو ئاستەی نووسەرەکەی بۆ ئاستی "بەرزەمرۆڤ" بڵندبکەنەوە، ئەو کاتە دەبێت هەست بەبوونی نەزانییەکی بەربڵاو بکەین لەناو نووسەراندا کە ئەو هەموو پیرۆزکردنە بەرهەم دەهێنێت. زۆربەی ئەو نووسەرانەی سەرقاڵی ئەم پیرۆزکردنەی نووسەرێک یان چەند نووسەرێکن، هەمان ئەو جەنگاوەرانەن کە خۆیان بە دوژمنی سەرسەختی هەموو پیرۆزێک دەزانن. با بپرسین ئایا ئەمە خۆرزگارکردنە لە کۆیلایەتیی و پاشکۆیی هزریی یان گۆڕینی ئاغایەکە بە یەکێکی دی؟ ئەو نووسەرانەی وەک دەروێش سەما بۆ دەقی نووسەرێک دەکەن، هەمان ئەو نووسەرانەن کە کەڕ و کاسیان کردووین بە دەربڕینی وەک "هیچ شتێک لە دەرەوەی دەقدا بوونی نییە" یان "راڤەکردنی دەق کارێکی رێژەییە"، بەڵام کاتێک کەسێک دیدێکی جیاواز لەوەی ئەوان دەردەبڕێت، بە فاشێت و کۆنسێرڤایف تۆمەتباری دەکەن، بەبێ ئەوەی پێمان بڵێن فاشیت یان کۆنسێرڤاتف چییە. ئەمە نمایشی ئەو دژوارییەمان بۆ دەکات کە دەکەوێتە نێوان گووتار و رەفتاری ئەم ئەزیزانەوە، کاتێک تۆ باس لە جیاوازیی دەکەیت و هەموو دەنگە نەیارەکانی خۆت وەک فاشیت تاوانباردەکەیت، رێک رەفتاری ئەو مەلایە دووبارە دەکەیتەوە کە رۆژی هەینیی باس لە (گوناهەکانی زینا) دەکات و شەوی هەینیش لە باخەڵی ژنی مجێورەکەی مزگەوتدا رۆژدەکاتەوە.

لە ساتەوەختێکی ئەوهادا، لە ساتەوەختێکدا کە تەرسەقولبێژیی وەک تاعون تووشی زۆرینەی نووسەرانی کۆمەڵگایەک دەبێت، بەئەستەم دەتوانین کاری باش و کاری خراپ لێکجیابکەینەوە، ئەوکاتە ئێمە دەستەوسان دەبین لەوەی کاری نێو قاوەخانە و کۆڕە بازارییەکان، لەو کارانە جیابکەینەوە کە بەرهەمی نێو کتێبخانە و تاقیگەکانن. چونکە وەک تەرسەقولبێژە عۆلەکان پێمان دەڵێن دواجار هەموو گووتن و نووسینێک دەربڕینە لە راستیی ئێتر هەڵسەنگاندنیان نمایشکردنی جۆرێکە لە "فاشیزم"، هەموو جۆرێک لە رەتکردنەوەی زبڵ و تەرسەقول کاری کەسانێکە کە بڕوایان بە دیکتاتۆرییەت هەیە و دەیانەوێت بمانگێڕنەوە بۆ ژێر سێبەر و دەسەڵاتی ئایدۆلۆجیا تۆتالیتارەکان.

بەڵام ئەمڕۆ خودی تەرسەقولبێژیی بۆتە ئایدۆلۆجیا، ئەگەر نەڵێین ئایین. ئەمڕۆ کەڵتێک (cult) بەسەر نێوەندی ڕۆشنبیریی کوردیدا باڵادەستە کە ڕێگە لە هەموو ئەو دەقانە دەگرێت کە ناچنە خزمەتی پرۆسەی تەرسەقولبێژیی و بە شان و باڵی شێخەکانی تەرسەقولبێژاندا هەڵنادەن. کەڵتێک کە چەند کەسایەتییەکمان لێدەکاتە حەکیمی زەمان و هەموومان ناچار بە گوێگرتن لەو کەسایەتییانە دەکات، کە جگە لە نەزانیی هیچی دیکە بڵاوناکەنەوە. ئێمە لە خوێنەری خۆشەویست دەپرسین، ئایا لە هیچ کۆمەڵگایەکی سەر ئەم زەمینەدا، پانتاییەکی لەباری وەک کوردستان هەیە، کە ڕێگە بە کەسانێکی وەک (مەلا بەختیار) بدات کە موحازەرە لەسەر دیمۆکراسی و هزر بڵێتەوە؟ لەکاتێکدا ئەم مرۆڤە تا بینەقاقای نووقمی گەندەڵیی ئەخلاقیی و سیاسییە. بێگومان ئەو ڕۆشنبیرانەی گوێ لەم جۆرە تەرسەقولبێژ دەگرن یان دنەی دەدەن و سەری نەوازشی بۆ دەلەقێنن، پاشان وەک ڕۆشنبیر نمایشی دەکەن، لە ڕاستییدا جگە لە تەرسەقولبێژ و ماستاوچی هیچی دیکە نیین.

بەڵام پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە، کە هۆکاریی سەرەکیی بڵاوبوونەوەی ئەم پەتایە چییە؟ بێگومان خوێنەری زرنگ لەوە تێدەگات کە لە هەموو کۆمەڵگاکانی دونیادا ئاستێک لە تەرسەقولبێژیی بوونی هەیە، جۆرێک کە پێشتر وەک "پرۆپاگەندە" ناونراوە. بەڵام دەگمەنن ئەو کۆمەڵگایانەی ڕێگەدەدەن کە تەرسەرسەقولبێژیی ببێتە کەڵت و ئایدۆلۆجیا یان ببێتە نەریتێکی کۆمەڵایەتیی. کاتێک لە کۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگای ئێمەدا کەنداوێک دەکەوێتە نێوان گوتار و ڕەفتاری نووسەر و قسەکەرەوە، کاتێک دژوارییەکی سەرسوڕهێنەر هەیە لەنێوان ئەوەی نووسەر یان سیاسیی پێمان دەڵێت و ئەوەی کە پێیهەڵدەستێت، ئەوکاتە ئەم دژوارییە دەبێتە نەریتێکی باوی زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگا و ئەوانەش کە لێی بەئاگان یان بێدەنگیی هەڵدەبژێرن یان بێدەنگ دەکرێن. چ تەرسەقولبێژییەکی سەرسوڕهێنەرە کاتێک سیاسییەکی گەندەڵ خۆیمان وەک جەنگاوەری دژەگەندەڵیی پێدەناسێنێت، یان ڕۆشنبیرێک کە بەشێکە لە مەکینەی پرۆپاگەندەی حیزب بۆ پیرۆزکردنی سەرۆک، باسی دیمۆکراسیمان بۆ دەکات. بەبڕاوی ئێمە ئەو زەمینە لەبارەی بۆتە هۆی گەورەتربوونی سەلوێنکەکانی تەرسەقولبێژیی، ئەو وەهم و خورافەیەیە کە سیاسی، ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیران پێمان دەڵێن دیمۆکراسی هەیە. لەکاتێکدا لە کۆمەڵگای کوردیدا سیاسەت لەژێر هەژموونی ئەم کەڵتە، یان ئایدۆلۆجیایەی تەرسەقولبێژییدا، لەبەین چووە، لە کۆمەڵگایەکدا کە سیاسەت کورتکرابێتەوە بۆ سیاسەتی پارتیزانیی (واتا سیاسەتی حیزبیی)، ئیتر هەموو قسەکردنێک لەسەر هەبوونی دیمۆکراسی جگە لە تەرسەقول هیچی دیکە نییە. لە مێژووی ئەزموونەکانی دیمۆکراسیدا کە لە گریکەوە دەستپێدەکات، هەرگیز ڕووی نەداوە کە بەبێ هەبوونی سیاسەت دیمۆکراسی لەدایکببێت، لە سیاسەت مەبەستمان ئەو پانتاییەیە کە ئەندامانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو لەسەر ئێستا و ئایندەی خۆیان گفتوگۆ دەکەن و پاشان بڕیار دەدەن. بێگومان تەرسەقولبێژەکان پێماندەڵێن کە ئەوەی ئێمە بە تەرسەقول ناومان برد، هەمان ئەو گفتوگۆیەیە کە ئێمە بە گرنگی دەزانین بۆ هەبوونی زەمینەی سیاسەتکردن، بەڵام ئەوانەی سەرقاڵی تەرسەقولبێژیین جگە لەوەی کەمینەی کۆمەڵگان، هاوکات هەموو گووتن و بەناو گفتوگۆکانیان هیچ کاریگەرییەکی نییە لەسەر ئەو بڕیارانەی کە پەیوەندییدارن بە زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگاوە. لەبیرمان نەچێت تەرسەقولبێژیی ئەگەر وەک گفتوگۆش ئاماژەی پێدرا، بەهیچ شیوەیەک بۆ کۆمەڵگا و غەمە هەنووکەیی و ئایندەییەکانی گرنگ نییە، چونکە تەرسەقولبێژ وەک گووتمان هیچ ڕێزێک بۆ ئەو ڕاستییانە دانانێت کە کۆمەڵگا لەسەریان کۆکە، یان ئەو ڕاستییانەی کە پێویست دەبن بۆ ئایندەیەکی باشتر، هاوکات ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییانە پشتگوێ دەخات، بگرە پەردەپۆشیان دەکات، کە کۆمەڵگا پێیانەوە هەڵەوگیرە، بۆ نمونە گەندەڵیی.

# دەرئەنجام

پەتای تەرسەقولبێژیی، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا یەکێکە لەو پەتایانەی کە تووشی لیبراڵ دیمۆکراسی خۆرئاواش بووە، ئەگەرچی لەو ئاستە سامناکەدا نییە کە لە کوردستان هەیە. کاتێک سەرکردەیەکی وەک جۆرج بوش، چەندین زیندانی سەرسوڕهێنەر و کانگای ئەشکەنجە بەرهەمدەهێنێت، هاوکاتیش پێمان دەڵێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیمۆکراتیزە دەکەم، ناکرێت لەم پیاوە وەک تەرسەقولبێژێکی گەوەرە نەڕوانین. بەڵام ئەوانەی بڕوا بەم تەرسەقولانەی بوش دەهێنن، لەڕاستییدا جگە لە بەزەیی شایانی هیچی دیکە نیین. کاتێک تۆنی بلێیەر، بەپێچەوانەی ڕای گشتی وڵاتەکەیەوە "شان بە شانی" گەمژەترین پیاوی جیهان (جۆرج بوش) وڵاتێکی دیکە داگیردەکەن و زەمینەکانی تیرۆر فراوانتر دەکەن، دواتریش بۆ خۆ پەنادان لەو بەرپرسیارێتییە بلێیەر پێمان دەڵێت، کە خودا دەبێتە دادوەر بەسەر بڕیارەکەی ئەوەوە بۆ داگیرکردنی عێراق، بلێیەر بەمەبەست تەرسەقولبێژیی دەکات، نەک ڕاستگۆیانە قسەمان بۆ بکات. خودی ئەم تەرسەقولبێژییە چ گرنگییەکی نییە، چونکە ئەگەر کەسێک خاوەنی یەک گرام عەقڵ بێت، بە قسە قۆڕەکانی بوش هەڵناخەڵەتێت، بەڵام کاریگەریی ئەم پرۆسە سامناکە لەسەر بەرهەمەکانی هزر و زانستی خۆرئاوا ئێجگار زەوەندن. لەڕاستییدا پێویستمان بە کات و بیرکردنەوەیەکی قووڵە بۆ ئەوەی بتوانین ئەم پرۆسەیە پێچەوانە بکەینەوە و بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە سیاسیی و ڕۆشنبیرەکان ڕێزیان لە ڕاستیی و بەهاکانی مرۆڤایەتیی دەگرت.

لە کوردستان، ئەم پرۆسەیە سامناکترە، چونکە تەرسەقولبێژیی بۆتە نەریت و ئارەزوو، دژواری لەنێوان کار و گوتاردا بۆتە کردەیەکی ئاسایی و کەس نییە لە بەرپرسیارێتییەکانمان هۆشیارمان بکاتەوە. چی دەڵێی بیڵێ، هەموو شتێک شایانی گووتنە، ئەم ڕستانە پێناسەیەکی دروستی دۆخی هەنووکەی نووسین و سیاسەتی کوردیمان بۆ دەکەن.

ئەمڕۆ تەرسەقولبێژەکان بۆ ئەوەی دەستیان لەبنی هەمانەکە دەرنەچێت، بوونەتە سوپایەک کە خاوەنی جبەخانە، ڕۆژنامە، چاپخانە، سێنتەری لێکۆڵینەوە، گالەری و هۆڵی تایبەت بەخۆیانن. لەبەرئەوە هەموو جەنگێک لەگەڵ ئەم سوپایەی تەرسەقولبێژاندا بە گۆشەگیربوونی خودی کەسی جەنگاوەر کۆتایی دێت، هەموو بێدەنگبوونێکیش بە وەرگرتنی شوناسی تەرسەقولبێژیی و بوونە جەنگاوەر لەو سوپایەدا کۆتایی دێت. کەواتە ئێمە لەبەردەم هەڵاوێردێکی سەخت و مێژوویيداین، یان دەبێت ببینە تەرسەقولبێژ و لە یەکێک لەو سێنتەر و بنەکانەی چاپی تەرسەقولبێژاندا وەک لێبوکێکی کەڕولاڵ کاربکەین و پاداشت وەرگرین، یان تاراوگەیەکی هزریی هەڵبژێرین، جا لەناوەوە یان دەرەوەی وڵات بین، بۆ ئەوەی دەنگ و سیمای خۆمان لە دەنگ و سیمای تەرسەقولبێژان جیابکەینەوە، پاشان ڕێگە نەدەین بخرێینە خزمەتی ئەو پرۆسەی تەرسەقولەوە. لە کۆتاییدا، لەبەر گرنگی ئەم هەڵاوێردە، بەڵێن بە خوێنەری خۆشەویست دەدەین کە وتارێکی دیکە تەرخان بکەین بۆ (تاراوگەی هزریی وەک جەنگان لەدژی دەستەمۆکردن)ی سوپای تەرسەقولبێژان.

سەرچاوەکان:

Frankfurt, Harry, G. (2005), On Bullshit, Princeton and Oxford: Princeton University Press.

01/07/2006

ئۆکسفۆرد/ئینگلاند